## پرۆفیسۆر تۆماس ئەمبرۆسۆی لە زانکۆی ڤێرجینیا بۆ گوڵان:

# عێراق ئایندەی نییە و پەیوەندی نێوان کورد و ئەمەریکاش چارەنووسی باشووری کوردستان دیاری دەکات



**پرۆفسیۆر د. تۆماس ئەمبرۆسۆی کە ئوستادی تەنگژە ئیتنییەکان و سیاسەتی نێودەوڵەتی و بەراوردکاری سیستەمە سیاسییەکانە لەگەڵ سیاسەتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی ڤیرجینیا**
**بایەخێکی هێجگار زۆر دەدات بەو تەنگژە ئیتنییانەی کە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی ئەمڕۆدا ڕەنگی داوەتەوە و بێجگە لەوەی نامەی دکتۆراکەی لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتییە لە هەمانکاتدا ماستەرنامەکەی لەسەر فیدراڵییەتی بوسنیا، هەرزەگۆڤینیایە و، هەروەها لە ساڵی«٢٠٠٢» کتێبێکی بڵاوکردۆتەوە بەناونیشانی «ناسنامەی گروپە ئیتنییەکان لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا و، هەروەها لە ساڵی«٢٠٠١» یش باسێکی لە چاتام هاوس بەناونیشانی یاسای نێودەوڵەتی و ڕاپەرینی نەتەوەکان پێشکەشکردووە هەروەها یەکێکە لەو پسپۆڕانەی کە لە بەرەنجامی ریفراندۆمی ساڵی«٢٠٠٣» ی کوردستاندا ئەم کتێبەی ئامادەکردووە.**
**«بزاڤی ریفراندوومی کوردستان ڕەخساندنی هەلێکی سیاسی بۆ ناسنامەی نەتەوایەتی» گوڵان بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئەمڕۆی عێراق و کوردستان پەیوەندی بە**
**د.تۆماس ئەمبرۆسۆی کرد و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە:**

### عێراق ئایندەی نییە

کە باسی ئایندەی عێراق دەکرێت، هەموو چاودێران لەو خاڵەدا کۆکن کە ئایندەی عێراق ئایندەیەکی گەشی نییە، زیاد لەمەش هەندێک دەڵێن عێراق ئایندەی نییە و بێجگە لە دابەشبوون هیچ ڕێگە چارەیەکی دیکە لە بەردەمدا نییە، دەربارەی ئەو واقیعەی ئێستای عێراق و چارەنووسی حکوومەتی مالکی د. تۆماس بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:

«پێش هەر شتێک دەمەوێت ئەوە بڵێم، تایبەتمەندی من تەنگژەی ئیتنیە، هەر بۆیە من هەموو مەسەلەکان لە هاوێنەی ئەم تەنگژانەوە دەبینم، لەم چوارچێوەیەدا پێموایە عێراق ئایندەی نابێت و لەسەر بنەمای ئەتنی و مەزهەبی عێراق دابەش دەبێت و دەبێتە کورد، عەرەبی سونە، عەرەبی شیعە، ئەمەش بە بڕوای من گەورەترین شکست دەبێت بۆ سیاسەتی ئەمەریکی لە عێراقدا، لەبەر ئەوەی نەیتوانی بەشێوەیەکی واقیعیانە گرنگی کەلتور و مێژووی فاکتەری ئەتنی لە کۆمەڵگەی دوای شەڕدا بخوێننەوە، ئەمەش لە زۆرکاتدا سیمای سەرجەم ئیدارەکانی ئەمەریکا بووە، زۆر بە سادەیی بۆ ئەو هۆکارە دەگەڕێتەوە لەبەر ئەوەی وڵاتێکی تازەیە و ئەمەش پێکهاتەکەی فرە ئەتنی کۆچکردووە نەک وڵاتەکە فرە ئەتنی بێت، هەر بۆیە لەوە بێ ئاگان کە مێژوو چ ڕۆڵێک لە ژیانی گەلاندا لەسەرانسەری دونیادا دەگێرێت، هەروەها لەبەرئەوەی سروشتی ئەمەریکا سروشتی موحافیزکارانەی هێزێکی گەورەیە، هەر بۆیە زۆر لە دابەشبوونی وڵاتان و سەقامگیری سیاسی دەترسن، هەربۆیە هەمووهەوڵێک دەخەینە گەر بۆ ئەوەی سنووری دەوڵەتەکان بپارێزین، لەمبارەوە دەکرێت سەیری هەڵوێستی ئەمەریکا بکەین سەبارەت بە لەبەریەکهەڵوەشانی یوگسلافیا و یەکێتی سۆڤیەتی پێشان، هەربۆیە من پێموایە مەسەلەی جیابوونەوە و بەرژەوەندی تەنگژەکانمان لەبەر چاوگرتبێت، ئەمەریکا پرۆژەی خۆی لەسەر ئەوە بونیاد دەنێت کە گروپەکان لە بنەڕەتدا ئاشتییان دەوێت

باشترین ڕێگەش پێکەوە ژیانە، بەڵام لە زۆر حاڵەتدا ئەمە مەسەلەکە نییە.

هەربۆیە دووپاتی دەکەمەوە، کە دابەشکردنی عێراق لەم کاتەدا تەنیا مەسەلەیە و دەبێ باشترین پلانی بۆ دابڕێژرێت، واتە باشترین پلان بۆ ئەوەی عێراقییەکان کەمترین ناخۆشی ببینن، ئەمەش بەو شێوەیە دەبێت کە ڕێککەوتنێک لە ناوەند لە نێوان دەستبژێڕی سیاسی ئەنجامبدرێن لە چوارچێوەی حکوومەتێکی یەکگرتووی نیشتماندا یان هەر شێوازێکی دیکە لەمجۆرە، بۆ ئەوەی زەمینەی ئەوە برەخسێت بە دیالوگ و دانووستاندن وڵاتەکە دابینبکرێت، پێموایە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێنەوە لەسەر ئەرزی واقیع سنوورەکان دیاریکراون دەبێتە ڕەهەندێک شاری وەک کەرکووک و بەغدا کە دەکرێن بۆ ئەوەش ڕێگە چارەیەک بدۆزرێتەوە.

**باشترین ڕێگە چارە لەبەردەم ئەمەریکا کشانەوەیە بۆ کوردستان**

هەرێمی کوردستان کە ئێستا لە ماس میدیای ڕۆژئاوادا بە عێراقێکی دیکە «*the ofher Iraq*» ناوزەد دەکرێت، مەبەستیش لە بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە، ئەوەیە کە کوردستان تەنیا ناوچەی ئارام و سەقامگیرە لە عێراقدا، بێگومان ئەم ئارامی و سەقامگیرییەی تەنیا بەڵگەی سەرکەوتنی ئەمەریکایە لە عێراقدا ئەم ئارامی و سەقامگیرییە بشێوێت، ئەمەریکا هەموو دەستکەوتەکاتەکانی لە عێراقدا لەدەست دەچێت، دەربارەی ئەوەی ئایا ئەمەریکا بیری لەوە کردۆتەوە ئارامی و سەقامگیری کوردستان بپارێزێت:

**د. تۆماس بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە:**

«سوپای ئەمەریکا سێ ڕێگە چارەی لەبەردەم سەرۆک بوشدا داناوە:

یەکەم : زیادکردنی قەوارەی هێزی سەربازی«وەک ئێستا چۆن هێزی سەربازی زیاتر دەنێرێت بۆ عێراق».

دووەم: مانەوە بۆ کاتێکی دوورو درێژ«کەمکردنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، بەڵام مانەوە بۆ ماوەیەکی درێژ لە عێراقدا».

سێیەم: کشانەوەی سەرجەم هێزەکان و گەڕانەوە بۆ ئەمەریکا».

من پێموایە دەبێت ئیدارەی ئەمەریکی لەم چوارچێوەیەدا ڕێگە چارەی چوارەم دەستنیشان بکات کە بریتیە لە:

ڕێگەی چارەی چوارەم: دەبێ ئیدارەی ئەمەریکی بڕیاربدات بەرەو باکوور«هەرێمی کوردستان» بڕوات، ئەم سیاسەتەش لەسەر بنەمای ئەم گریمانە دەبێت:

ا/ ئەگەر شەڕی ناوخۆی نێوان سونە و شیعە ڕوویدا، ئەوا ئەمەریکا دەتوانێت بەهێزێکی کەم ئەم شەڕە ڕابگرێت.

ب/ دەبێ ئەمەریکا بە دوای ڕێگە چارەیەک بگەڕێت بۆ ئەوەی ئەو دەستکەوتانەی لە هەرێمی کوردستان بەدەست هاتوون بیانپارێزێت بۆ ئەمەش دەبێ مامەڵە لەگەڵ ئەو هاوپەیمانە بکات کە بەردەوام دەخوازێت هێزەکانی ئەمەریکا لەو هەرێمەدابن.

بەبۆچوونی من ئەم سیاسەتە دەبێتە هۆکاری ئەوەی هێزەکانی ئەمەریکا ببنە میانگێر لە هێڵەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان عەرەبی شیعە و عەرەبی سونە و هەروەها هەنگاوێکیشە بۆ پاراستنی سەقامگیری کوردستان.

بە تێڕوانینی من« لەگەڵ ئەوەی من لە ناوچەکەی ئێوەگەشبینم» بەشێوەیەکی گشتی کورد پشتگیری ئەمەریکا دەکات بۆیە دەبێ ئێمەش پشتگیری دۆستەکانمان بکەین، هەروەها پاراستنی پێگەیەکی ئارام لە ناوچەیەکی ناسەقامگیر و ئاژاوەدا زۆر لەو هەوڵە نەزۆکانە باشترە کە گرووپە پێکناکۆکەکان ناچاری ئاشتی بکەین و هەمووئاماژەکانیش بەو جۆرەن سەرکردەکانی ئەو گرووپە پێکاتۆکان خۆیان ئەو ئاشتییەیان ناوێت.

**بۆ ئەوەی ترسی تورکیا بڕەوێتەوە، دەبێ ئەمەریکا وەک مەکدۆنیا مامەڵەیان لەگەڵ بکات**

لایەنێکی دیکەی هەڕەشە لەسەر هەرێمە ئارامەکەی کوردستان، دەستێوەردانی تورکیایە، لە کاتێکدا تورکیا خۆی بە هاوپەیمانی ئەمەریکا دەزانێت، ئەمە لە کاتێکدا حکومەتی کوردستان هەر لە سەرەتای نەوەدکانەوە هەوڵدەدات دڵنیابی بدات بە هاوسێکانی بەوەی ئەم هەرێمە نەک هەرنابێتە سەرچاوەی ئارامی بۆ ئەو وڵاتانە، بەڵکو ڕێگرە لەبەردەم گواستنەوەی توندوتیژیش بۆ وڵاتەکەیان دەگرێت، لەم بارودۆخەدا هەوڵدەدات بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک بەوەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان نابێتە سەرچاوەی مەترسی بۆ ئەو دەوڵەتانە، فاکتەرێکی گرنگە و لە هەمانکاتدا پێویستی بە پشگیری ئەمەریکاش هەیە.

دەربارەی ئەم پرسە د. تۆماس گوتی:

(ئایا ئەو هۆکارە چییە کە ڕێگرە لەبەردەم ئەوەی ئەمەریکا پشگیری کورد بکات؟

بێگومان پەیوەندی دێرینی تورکیایە لەگەڵ ئەمەریکا. من لەم بۆچوونەی تورکیا تێدەگەم، تورکیا وا بۆی دەچێت: ئەگەر باشووری کوردستان سەربەخۆ بوو، ئەم حاڵەتە بڵاو دەبێتەوە"Spillovea" سنوورەکانی تورکیا دەبڕێت و دەبێتە هاندان بۆ کوردی تورکیا، ئەوانیش داوای سەربەخۆی دەکەن بۆ ئەوەی

**لەبەرئەوەی سروشتی ئەمەریکا سروشتی موحافیزکارانەی هێزێکی گەورەیە، هەر بۆیە زۆر لە دابەشبوونی وڵاتان و سەقامگیری سیاسی دەترسن**

**پێشنیاری ئەوە دەکەم هێزەکانی ئەمەریکا بێنە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ببنە گەرەنتی بۆ سەربەخۆیی کوردستان و دڵنیاکردنی تورکیا و کەمکردنەوەی ترسی تورکیا لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان**

بینە بەشێک لە کوردستانی گەورە.

لەوانەیە ئەم حاڵەتە بە جۆرێک ڕێک بخرێت ئەگەر کوردستانی باشوور بەوە ڕازی بێت پشگیری لەسەربەخۆیی کوردستانی ئێران وتورکیا و سوریا نەکات، بەڵام لەو بڕوایەدانیم تورکەکان بەمە بگەنە قەناعەت و پێموایە ئەمە وا دەکات لە کوردستانی تورکیا ببێتە ئاژاوە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە من پێشنیاری ئەوە دەکەم هێزەکانی ئەمەریکا بێنە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی

١- بینە گەرەنتی بۆ سەربەخۆیی کوردستان

٢-ڕێگرتن لە خواستی کورد بۆ یەکگرتنەوەی هەموو پارچەکانی کوردستان

٣-دڵنیاکردنی تورکیا و کەمکردنەوەی ترسی تورکیا لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان من ئومێد دەخوازم ئەزموونی کۆسۆڤۆ لە کوردستان دووبارە بێتەوە"حکومەتی مەکدۆنیا مەترسی ئەوەی هەبوو مەسەلەی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ کاریگەری لە سەر یەکپارچەیی مەکدۆنیا هەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی هێزەکانی یەکیتی ئەوروپا و ئەمەریکا لە کۆسۆڤۆ بوون و دانرابە سنوورەکانی مەکدۆنیادا، ئەوا مەکدۆنیا مەترسی نەماوە تیروانینی باشتر بوو، لەم حاڵەتەدا بەبێ بوونی هێزەکانی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت تورکیا وئێران هەوڵ دەدەن ئەم دەوڵەتە سەربەخۆیە لەبار بەرن.

لە حاڵەتێکیشدا ئەگەر هێزەکانی ئەمەریکا بە تەواوی پاشەکشە بکەن، ئەوا کارەساتێک بۆ گەلانی عێراق ڕوودەدات، بارودۆخی ئەمنی لەمەی ئێستا زۆر خراپتر دەبێت، گروپە ئەتنییە جیاوازەکان و لەناوخۆدی گروپەکاندا دەبێتە پێکدادان، لەوانەیە جلەوی کاروبارەکە بکەوێتە دەستی گروپە رادیکاڵیە توندڕەوەکانی وەک:( عەرەبی سوننە و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە و شیعە و تەیاری سەدر) بینە دەسەڵاتداری سەرەکی لە بەغدا و باشووری عێراق، لەم بارودۆخەشدا زۆر زەحمەتە ئەم دوورگە ئارامەی کوردستان بە سەلامەتی دەربچێت.

## پەیوەندی کورد و ئەمەریکا ئایندەی هەرێمی کوردستان دیاری دەکات

دەربارەی پەیوەندی نێوان کورد و ئەمەریکا هەوڵدەدات بۆ پتەوکردنی ئەم پەیوەندییە بۆ بەرژەوەندی هەردوولا د. تۆماس گوتی:

بۆ ئایندەی کوردستانی باشوور، جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان کورد و ئەمەریکا دەکەمەوە و پێموایە شێوە و ئایندەی کوردستان ئەو پەیوەندییە دیاری دەکات بەمجۆرە:

یەکەم/ئەگەر ئەمەریکا پشگیری حکومەتێکی سەنترالی سەرکوتکار لە بەغدا بکات، ئەوا کورد هیچ لۆمەی ناکرێت هەوڵ بۆ دابەشکردنی عێراق بدات.

لەم حاڵەتەدا لەوانەیە ئەمەریکا خزمەتی بەرژەوەندییەکانی کورد بکات هەر بۆ نموونە بوشی باوک لە سەرەتادا پشگیری کرواتیا و سلۆڤینای نەکرد لە بەرئەوەی بەشێک بوون لە هەڵوەشانەوەی یوگسلاڤیا ، بەڵام ئەمەریکا پشگیری بوسنیای کرد لەبەر ئەوەی ئیدارەی ئەمەریکی هەستی کرد کە بۆسنییەکان قوربانی هەڵبژاردنی ڕێگەچارەیەکی خراپ بوون.

دووەم/ بەکارهێنانی ئەو ئاستی کاریگەریەی کونگریس، کە بەردەوام کورد لە نێوان چەندین ئەندامانی کونگریسدا بەرگری لێکراوە، هەروەها لەگەڵ خستنەگەڕی کاریگەری کورد و لوبی دۆستی کورد ئەگەر پێویست بوو.

هەر بۆ نموونە چۆن ئازەربایجان توانی دەوری لۆبیە باڵادەستەکانی ئەرمنیا لە ناو کۆنگریسدا بگێرێت، ئەمە دەبێت وانەیەک بێ بۆ کورد، هەر بۆیە بوونی پشگیری کونگریس بۆ ئایندە زۆر گرنگە، سەرۆک بەردەوام مامەڵە لەگەڵ دەسەڵات دەکات، بەڵام کاتی ئەو لە نووسینگەی خۆی دیاریکراوە، هاوپەیمانی لەگەڵ کونگریس بۆ چەندین یەکە دەمێنێتەوە.

سێیەم/ پەیوەندیکردن بەو کەسانەی کە ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر ڕای گشتی ئەمەریکا هەیە بۆ ئەوەی ئەوان بەگەلی ئەمەریکا بڵێین کورد توانیویەتی چ کارێکی گرنگ لە باکووری عێراق بکات و هەرچی ویستوویانە کردویانە دەبێ سەرکردە کوردەکان خۆیان سەردانی ئەمەریکا بکەن وراستەوخۆ قسە بۆ گەلی ئەمەریکا بکەن و داواتی خەڵکی ئەمەریکا بکەن بۆ باکووری عێراق بێگومان ئەم کارە ئاسان نییە لەبەر ئەوەی میدیاکانی ئەمەریکا هەتا ئێستاش دژی بوشن لەسەر شەڕی عێراق، هەر بۆیە لەسەرەتاشەوە نەیاندەویست راپۆرتی باش سەبارەت بە عێراق بلاو بکەنەوە.

بەڵام ئەمەیان مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، کورد لە باشووری کوردستان پێویستی بەوەیە ڕای گشتی ئەمەریکا لەوە دڵنیا بکاتەوە بەوەی کوردستان سەرتاسەر جیاوازە لە هەموو عێراق و ئێستا ئەوان بەشێک نین لەو عێراقەی کە بیبینین.

ئەگەر کورد لەم مەسەلەیەدا سەرکەوێت، ئەوا ئەمەریکا کە دڵێ لە عێراق دەکشێمەوە مەبەستی هەموو عێراقە، ئەگەر کورد بتوانێت ئەم گرەوەش بەرێتەوە ئەوا دواین دۆستی خۆی دەدۆزێتەوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە.

**بوشی باوک لە سەرەتادا پشگیری کرواتیا و سلۆڤینای نەکرد لە بەرئەوەی بەشێک بوون لە هەڵوەشانەوەی یوگسلاڤیا، بەڵام ئەمەریکا پشگیری بوسنییای کرد لەبەر ئەوەی ئیدارەی ئەمەریکی هەستی کرد کە بۆسنییەکان قوربانی هەڵبژاردنی ڕێگەچارەیەکی خراپ بوون**